کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3-12-2007 22:53

## ڕێکخەری ڕێکخراوی کۆمەک لەمەخمور سوکایەتی بە پیرۆزیەکانی موسڵمانان دەکات ... موحسین شوانی

ماوەیەکەرێکخراوی کۆمەک لەقەزای مەخمورکۆمەڵێ کاروچالاکی بەهەماهەنگی وەزارەتی وەرزش ولاوان وهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخمور ئەنجام داوە ؛وەک هێنانی کۆمپیوتەروکردنەوەی دەزگایێکی ئاسنگەری بۆلاوان لەبنکەی فێرکردنی پیشەیی بەنموونەیی وهاوچەرخ کردنی قوتابخانەیبازارگەی سەرەتایی وبەنیازیشن ڕادیۆیێکی پەخشی ئەزموونی لەپەروەردەی مەخمور بکەنەوە، ئەمانە هەمووی جێگەی دەست خۆشی وسوپاسن، چونکە قەزای مەخمورلە زۆر بواردابێبەشە وکەم خزمەتگوزارە

، ئەوەی جێی تێبینی وسەرنجە هەڵوێست وگووتار ی (کاروان) ڕێکخەری ڕێکخراوی کۆمەکە لەهەندێ دیدارو کۆبوونەوەی مامۆستاوقوتابیان ولاوانی مەخمورە، کەبەراشکاوی هێرش وسوکایەتی بەپیرۆزیەکانی موسڵمانانەوە کردووە، لەکۆبوونەوەی مامۆستایانی قوتابخانەی بازارگە بۆئەوەی باسی وانەی نموونەیی وهاوچەرخیان بۆبکات، پێی ڕاگەیاندوون چیترخۆتان بەسەرپۆشی ونوێژوبانگدانەوە سەرقال مەکەن ئەمانە کۆنن باویان نەماوەوهی سەردەمی نەزانیین،

بۆبەدواداچوونی ئەم بابەتەسەردانی قوتابخانەی بازارگەمان کردتالەنزیکەوەئاگاداری چۆنیەتی بەنموونەیی کردنی قوتابخانەکەوئەوگووتانەی کاروان ڕێکخەری ڕێکخراوی کۆمەک بین، سەرەتاڕوی پرسیارمان کردەمامۆستا (کوردستان نوری نادر) کردبەڕێوەبەری قوتابخانەی بازارگە،

- قوتابخانەی بازارگەتایبەتمەندی خۆی هەیە، کەسەرجەم مامۆستاوقوتابیەکانی ئافرەت وکچن ولەسەردەمی ڕژێمیشداهەروابوو، تاڕادەیەک ئەوکاتیش نموونەیی بوو؟

م. کوردستان:بەڵێ وابوو، بەڵام ئێستاپۆلی (1، 2، 3) بۆتە تێکەڵاو، چونکەقوتابی کوڕمان هەیەدراوسێی قوتابخانەیە، کێشەیەبچێتەقوتابخانەی ترورێگەیان دوورە.

-خۆتان ئەوبڕیاری تێکەڵاویەتان داوە؟

+م. کوردستان:خۆمان ئەوبڕیارەمان داوە پاڵەپەستۆی کەسمان لەسەر نییە.

-ئەی کردنەنموونەیی؟

م. کوردستان:ڕێکخراوی کۆمەک، دوای ئەوەی سەردانیان کردین پێیان باشبووئێرە ببتە نموونەیی.

-بە چی یارمەتی کۆمەکیان کردن؟خەڵک دەڵێن ئێوە پارەلەقوتابیان وەردەگرن؟

م. کوردستان:سەرەتاپۆلی (1، 2، 3) یان بۆئامادەکردین، دواییش کۆبوونەوەیان بەدایک وباوکان کرد، پێیان گوتن دەبێ خۆتان پۆلەکانی ترفەرش بکەن ئەوانیش ڕازی بوون.

-ئامانجی ئێوەورێکخراوی کۆمەک چیە لەبەنموونەیی کردن؟

+م. کوردستان:یەکەم توندهوتیژی نامینێ، قوتابی زیاترئازاددەبێت، دەنگە دەنگ کەمدەبێتەوە، قوتابی فێری ڕێکو پێکی نیزام دەبێت، کەوتنیش نامینێ!

-قوتابخانەی نموونەیی لەسەرجەم قوتابیە زیرەکەکانی قوتابخانەکانی تردرووست دەبێت، نەک وەک ئەوەی ئێوە؟

م. کوردستان:نموونەیی نییە، بەلکوهاوچەرخە.

-لەماوەی دەوامداچی بەقوتابیان دەدەن لەخواردن وخواردنەوە؟

م کوردستان: هیچیان پێنادەین، کۆمەک گووتی باقوتابی هەریەکەو لەفەیەک بێنێ، نەک هەر ئەوەش قوتابخانەی هاوچەرخ دەبێ 16قوتابی لەپۆلێک بێت، ئێمەزۆر زیاترین!پێویستمان بەبینایەومامۆستاوهۆکاری فێرکردنی تازەهەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:53 3-12-2007

-ڕێکخەری ڕێکخراوی کۆمەک بەناوی (کاروان) لەدیداری کۆبوونەوەی مامۆستایاندابۆفێرکردنی وانەی هاوچەرخی کەدوازدەمامۆستابوونە، سوکایەتی بەپیرۆزیەکانی ئیسلام کردوە!وەک گاڵتەکردن بەبانگ ونوێژسەرپۆش و.... ؟

م. کوردستان:نەخێرگوێم لێنەبوە، ئەوەندەی من لەوێبووم، ڕەنگە دوای من ئەوقسانەی کردبێ!

تێبینی:لەوکاتەداباریدەدەری بەڕێوەبەریش ئەیویست نکوڵی لەوەبکات!بەڵام دوومامۆستای ترکەنەیانویست ناویان بڵاوبکرێتەوە زۆربەراشکاوانە گووتیان:

بەڵێ گاڵتەی بەبانگدان کرد!کاتێ بانگی داگووتی:نازانم کەی لەکۆڵ ئەوبانگەدەبینەوە!

مامۆستایێکی ترگووتی:بەڵێ گووتی بەهیچ شێوەیەک باسی نوێژمەکەن، باوی سەرپۆشیش نەماوە ئێستا بۆتەعەیبە، من هەوڵ ئەدەم دین لە مەنهەج دەربهێنم!

هیچکام لەومامۆستایانەوەڵامیان نەدایەوە، تەنیامامۆستاژیان کەخێزانی سەرپەرشتیارێکەلەپەروەردەی مەخمور ئەوگوتی بەسەئیتر،

مامۆستایێکی ترگوتی بەڵێ بەسەرپۆشەکانی گووت ئەوە چیە (دەڵێی دۆڵمەنە خۆتان پێچاوە) هەرئەو مامۆستایە بەتووڕەیی گووتی:نازانم لەسوید ژیاوە لەنەرویج هاتوە یارمەتیمان بدات یان ئەخلاقمان ببات؟

م. کوردستان:ئێمەمەنهەجمان هەیەلەسەر مەنهەجی پەروەردە دەڕۆین، دەرسی ئاینمان هەیە، ئێمەموسلمانین، ئەوەبۆخۆی چی گووتوەبۆخۆی دەگەڕێتەوەبەمامۆستاکانیشم گووت ئەوەرایخۆیەتی دوایی زانییم ئەوقسانەی کردوە

کێ ناڵێ ئەوەنەپۆتەمەسیحی یان هەرموسلمانە؟!

-تاچەندمامۆستابەهرام بەڕێوەبەری پەروەردە ئاگاداری ئەم بابەتەیە؟

+م. کوردستان:نەخێرئاگادارمان نەکردۆتەوە، بابەراشکاوی پێتان بڵێم تاکاروان نەگەرایەوە نەرویج ئەم مەسەلەیەم نەزانی، پاشان مامۆستاکان گوتیان وای گووتوە، ئەگەرمن لەوێ بوومایەوەڵامم دەدایەوە.

هەربۆبەدواداچوونی بابەتەکەسەردانی مامۆستابەهرام اسماعیل مان کردوهەمان پرسیارمان ئاراستەکرد، لەوەڵمداگووتیان:

مامۆستابەهرام:من گوێ بیستی ئەوەبووم بەڵام کاتێکی درەنگ، ئێستائەوبرادەرەسەفەری نەرویجی کردوەلێرە نییە، ئەگەر نا ڕاستەوخۆ لەم بابەتەم دەکۆڵیەوە، بێدەنگیش نەدەبووم، دووشت هەیە لای ئێمە هێڵی سوورە:

یەکەم ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەس ناتوانێ سووکایەتی پێ بکات چونکە ئەگەرکردی واتە شەڕی لەگەڵ ئێمەدا کردووە، بەتەئکیدئێمەش لێی بێدەنگ نابیین، چونکە ئێمە سوپاس بۆخوا میلەتێکی موسڵمانیین ودان بە موسلمانێتی خۆمان دادەنێین، کەبووینە موسلمانیش بەئارەزووی خۆمان بووە، بەزۆری نەبووە، هێڵی سووری دووەم سیستەمی پەروەردەی هەرێمە، چونکە من دەسەڵاتم نییە لەوەزارەتی پەروەردەمەنهەجێک دانراوە دەست کاری بکەم یان گۆڕانکاری تێدابکەم.

سەبارەت بەوقسانەی ڕێکخەری ڕێکخراوی کۆمەک، دیسان دەیڵێمەوە ئەوە نە بیری پەروەردەیە نە بیری ڕێکخراوەکەشە، تەنیا وەک ئەفکارێکی خۆیەتی وشەخسی بووە،

ئێمە بەهیچ شێوەیەک لە قوتابخانە، لەحەرەمی پەروەردە نەک بۆ کاروان بۆ هیچ کەسێکی تر ڕێگەی بەم شێوەیەپێنادەین، ئێمەئاگاداری دەکەینەوەکەجارێکی ئەم تەجاوزانە نەکات ئگەرنا شوێنی کاروان لەمەخمور نابێتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.